# دەربەندیخان: گازی قاچاغ دەستی بەسەر دا دەگیرێ

شەوی ١١-٩-٢٠٠٨ لە هەردوو ڕێگەی قاچاخی نێوان گوندی باوەخۆشێن و دیوانەی سەر بە دەربەندخان کە لایەن بەڕێوەبەریتی پۆلیسی گەرمیانەوە بەشێوەی نهێنی خاڵی پشکنینان بۆ دانرابوو، توانرا دەست بەسەر ١٦ لۆریدا بگیرێ کە بەشێوەیەکی قاچاخ لەلایەن خاوەنەکانیانەوە گازی ئێرانییان بارکردبوو، دەیانویست بەرەو سنووری ناوچەی گەرمیانی ببەن و لەوێشەوە ئاودیوی شارەکانی عێراقی بکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە ئێستا ڕێگە قاچاغەکانی دەڤەری گەرمیان بۆ هێنان و بردنی کەلوپەل و خۆراک و سووتەمەنی قاچاغ لە نێوان شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئێران سوودیان لێوەردەگیرێ، بەوهۆیەشەوە ئیش وکار بۆ ژمارەیەک وڵاتی پەیدابووەو بژیوی خۆیانی لەسەر دابین دەکەن.

# ژاراوە: کچێک بە دەستی براکەی دەکوژرێ

رۆژی ١١-٩-٢٠٠٨ کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی ژاراوەی سەربەقەزای پشدەر گوللەیەکی کلاشینکۆفی بەردەکەوێ و بەسەختی بریندار دەبێ، هەرچەندە بە پەلە رەوانەی نەخۆشخانە قەڵادزێ دەکرێ و لەوێ تیماری سەرپێی بۆ دەکرێ و پزیشکەکان بەپێویستی دەبینن کە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بگوازرێتەوە، بەڵام مخابن بەر لەوەی بگاتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەداو ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان یەکێک لە براکانی ئەو کچە خەریکی پاککردنەوەی چەکەکەی بووە، گوللەیەک دەرچووەو بەسەری خوشکەکەی کەوتووە.

# بیتوێن: سکاڵا لەسەر شێخێک تۆمار دەکرێ

لەم دوایانەدا ژنێک بەناوی (ح.س) دانیشتوی گوندێکی دەڤەری بیتوین بەمەبستی چاکبوونەوە سەردانی شێخێک بەناوی (م) دەکات کە تەمەنێکی زۆری هەیەو بە پیاوچاک ناسراوە، شێخەکەش دوعای بەسەر دادەخوێنێ و هەستی بۆی دەبزوێ، بۆیە پەلاماری دەدات و ماچی دەکات، دوایی پێی دەڵێ بۆیە وام کرد تا زوو چاک ببیتەوە، بەڵام گۆبەندەکە بەوەندە کۆتایی نەهات، کاتێک خزمەکانی ژنەکە بە رووداوەکە دەزانن، هەڕەشەی لێدەکەن و ژنەکە رادەسپێرن تا بچێ لە بنکەی پۆلیس سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، بەوهۆیەوە دەستگیر دەکرێ، لە دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ کەسێکی ساختەچیەو بۆ فریودانی خەڵکی ئاسایی دەستی بەو کارە کردووە.

# باڵەکایەتی: بەراز خەڵک هەراسان دەکات

بەگوێرەی زانیاریەکان ئێستا ئاژەڵی کێوی لە کوردستان زۆربوونەتەوە، بەهۆی وشکە ساڵی و نەبوونی خۆراکیشەوە، ئەو ئاژەڵە کێویانە هێرش دەکەنە سەر ئاواییەکان و زیانیان پێدەگەیەنن.

سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە لە هەفتەی رابردوودا بەرازە کێوی زیانی زۆریان لە بەروبوومی دانیشتوانی گوندەکانی شێخان و شیوەلۆکی بناری سەکرانی باڵەکایەتی داوە، بەوهۆیەشەوە خەڵکە ناچار بوونە کە شەوانە ئێشک بگرن و پاسەوانی لە رەزو باخەکانیان بکەن، لەو سەروبەندەدا رەوە بەراز پەلاماری وڵاتی (ب.ج)یانداوەو زامداریان کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە زانراوە کە هەفتەی رابردوو رەوە بەرازێک پەلاماری رەزو باخی گوندی مێرگەسەری خۆشناوەتی داوەو زیانی زۆریان پێگەیاندووە. هەروەها بەپێی زانیاریەکان ئێستا ئاژەڵی کیوی لەناوچەی هەورامان زیادی کردووە، هەرچەندە رووداوی زیانبەخشی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا زیان بە خەڵک بگەیەنن.

# چۆمان: دابەشکردنی مووچە فەرمانبەران نیگەران دەکات

بەگوێرەی زانیاریەکان لە دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی دەڤەری چۆمان کار بە سیستەمی نوێ نەکراوەو زیادەکەیان پێنەدراوە، بەوهۆیەشەوە دەنگی نارەزایی بەرزبۆتەوەو خواستویانە کە پەیرەوی لە سیستەمی نوێی مووچە بکرێ و زیادەکەشیان پێبدرێ. بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە رۆژنامەوانان پێوەندی بە سەرۆکی شارەوانی چۆمانەوە دەکەن، بەڵام ئەو رازی نابێ هیچ وردەکارییێک بدرکێنێ، تەنانەت گومانی خۆی لە نیازی رۆژنامەوانان پێشان دەدات و قسەیان بۆ ناکات.

# شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان سەردانی حزبی رزگاری دەکات

کاتژمێر ١٠.٣٠ی رۆژی ٧-٩-٢٠٠٨ بەڕێز **مام خدر روسی** سکرتێری گشتی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، بە یاوەری **خەلیل مەحمود** ئەندامی مەکتەبی سیاسی، **خەلیل باپیر** و **ئازاد عەبدوڵلا** ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بارەگای حزبی رزگایی کوردستانیان کردو بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا کە هەڤاڵان **رێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب، **هەژار زراری** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر، **حوسێن حەسەن** ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرنووسەری هەفتەنامەی رۆژی گەل، ئامادەببوون، سەرەتا مام خدر روسی بەبۆنەی کردنەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە شاری هەولێر پیرۆزبایی لە حزبی رزگاری کرد، لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرا، هەردولا هیوایان خواست لە پێوەندی نێوان هەردوو لایەنی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان و حزبی رزگاریی کوردستان گەشەی پێبدرێ.

هەر لەو دیدارەدا باس لەو کارە هاوبەشانە کرا کە لە رابردوودا هەردوکیان، حزبی رزگاری و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ئەنجامیان داون، هیواشیان خواست کە زەمیەی کاری هاوبەش لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان خۆشتر بکرێ.

# شاندێکی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان سەردانی حزبی رزگاری دەکات

کاتژمێر ١٧ی رۆژی ٤ -٩ -٢٠٠٨ شاندێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانی کرد، لەلایەن هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی و ژمارەیەک ئەندامی دیکەی حزبی رزگاریی کوردستان بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرا. سەرەتا بەبۆبەی کردنەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان لە شاری هەولێر شاندی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە حزبی رزگاریی کوردستان کرد. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کراو هیواخوازرا کە پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کودستان، بەتایبەتیش پێوەندی نێوان حزبی رزگاری و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان گەشەی پێبدرێ و تێکۆشان لە پێناو رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان چڕتر بکرێتەوە. ئەوسا لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە رەوشی شاری خانەقین کرا، هەردولا هاوڕابوون کە حکومەتی ناوەندی دەیەوێ دەرفەت وەربگرێ و دەستەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە دابڕاوەکان کوردستاندا بسەپێنێتەوەو ناوچەکان کۆنترۆڵ بکات و ماددەی ٢٤ تێپەڕ بکات، هەروەها هیواخوازبوون کە ئەمجارەیان لێبڕاوانە لەبەرانبەر خواستەکانی حکومەتی عێڕاقدا سەنگەر بگیرێ و ڕێگەی هاتنەوەی پی نەدرێ.

# سکرتێری حزبی رزگاری بە یاوەری شاندێک سەردانی خانەقین دەکات

شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان **رێکار ئەحمەد** سکرتیری گشتی، **هەژار زراری** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، **حوسێن حەسەن** و **ئیبراهیم محەمەدئەمین** ئەندامانی سکرتاریەت رۆژی ٨-٩-٢٠٠٨ سەردانی شاری خانەقینیان کرد، سەرەتا سەردانی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد و لەلایەن **کاک حەسەن** جێگری بەرپرسی مەڵبەندو ژمارەیەک لە کارگێڕانی مەڵبەند بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لەدیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی شاری خانەقین کرا، بەتایبەتی کە ئێستا حکومەتی بەغداد هێزەکانی خۆی کۆکردۆتەوەو دەیەوێ بێتە ناو شاری خانەقینەوە، بەڵام دانیشتووانی شارەکەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەریاندا راوەستاون و ڕێگەنادەن کە هێزی سوپای عێراق بێتە ناو شاری خانەقینەوە، لەم پێوەندەدا هەردوولایەن هاوڕابوون کە نابێ هێزی سوپای عێراق بە ئەقڵیەتی بەعس و داگیرکاریەوە بێنە ناو شارەکانی کوردستانەوە.

هەر هەمان رۆژ شاندی حزبی رزگاریی کوردستان سەردانی بارەگای کاتی نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد، لە دیدارێکدا کە بەڕێزان کاک **مەلا بەختیار** کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نوێنەری سەرۆکی هەرێم و بەڕێز **مستەفا چاورەش** بەرپرسی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەبوون، باس لە رەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان بەتایبەتیش رەوشی شاری خانەقین کرا. شاندی حزب هەڵوێستی حزبی رزگایی کوردستانی بە نوێنەری هەرێمی کوردستان راگەیاندو ئامادەیی حزبی بۆ بەشداریکردنی لە پاریزگاریکردنی خانەقین دیارکرد، بەوهۆیەشەوە بەڕێز مەلا بەختیار هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی گرنگ نرخاندو جەختی کردەوە کە هاوهەڵوێستی و یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسیەکان و جەماوەری کوردستان مافەکانی نەتەوەکەمان مسۆگەر دەکات.

# سکرتێری حزبی رزگاری و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان کۆدەبنەوە

کاتژمێر ١٨ی رۆژی ١٠-٩-٢٠٠٨ هەردوو سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان/ رەوتی گەشەو چاکسازی لە شاری هەولێر کۆبوونەوە.

**رێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان لەگەڵ ریزدار **عومەری ئێلیخانیزادە** سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کوردستان/ رەوتی چاکسازی و گەشە کۆبۆوە، لە دیدارێکی برایانەدا کە لە شاری هەولیر، پێتەختی باشوری کوردستان بە ئامادەبوونی هەڤاڵان **هەژار زاری** و **کۆسار محەمەدئەمین** ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی رزگاری و **کاروخ عوسمان** ئەندامی سکرتاریەتی حزبی رزگاری بەرێوەچوو، باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان بە تایبەتیش ئاڵۆزیەکانی ئەم دواییانەی باشوری کوردستان کرا کە لە ئاکامی پێداگری سوپای عێراق بۆ هاتنە ناو شاری خانەقینەوە دروست بووە، هەردوولار هاوڕابوون کە حکومەتی بەغداد بە هاوهەنگی و هاوکاری لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان هەوڵی بێهێزکردنی هەرێمی کوردستان دەدات ، بەوهۆیەشەوە لەسەر تێکڕای کوردستانیان پێویستە کە بە هۆشیاریەوە رەفتار لەگەڵ رەوشەکەدا بکەن و خۆیان بۆ هەر گۆرانکاری و بەرگرییێک ئامادە بکەن.

لە تەوەرێکی دیدارەکەدا باس لە پتەوکردنی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرا، هەردوولا هیوایان خواست کە پیوەندی نێوان لایەنە کوردستانیەکان گەشەی پێبدرێ و برایەتییێکی راستین لە نێوانیاندا دروست ببێ.

# سکرتێری حزبی رزگاری سەردانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەکات

کاتژمێر ١٠ی رۆژی ٥ -٩ -٢٠٠٨ هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان بە یاوەری هەڤاڵان هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و حوسێن حەسەن ئەندامی سکرتاریەت و سەرنووسەری هەفتانەمەی رۆژی گەل، لە شاری هەولێر سەردانی بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی کردو بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا کە بەڕێز حەسەن بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و حاجی هێمن بەرپرسی نووسینگەی ئەمیر ئامادە ببوون، باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، هەروەها شاندی حزبی رزگاریی دواین گۆڕانکاریەکانی ناوخۆی حزبی بۆ رێزدار مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی روونکردەوە، لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ هێزە سیاسیەکانی کوردستان یەکگرتووانە رووبەرووی ئەو مەترسیانە ببنەوە کەدووچاری کوردستان و گەلەکەی دەبنەوە، بەوهۆیەشەوە هیوایان خواست کە پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان گەشەی پێبدرێ.

# هەواڵی سەیر

**رۆژی** ٥-٩-٢٠٠٨ لە ناو بارەگای سەنتەری راگەیاندن و رووناکبیری ژنانی رانیە، پیاوێک پەلاماری ژنەکەی خۆی دەدات و لێی دەدات. بەرپرسی ئەو سێنتەرەش گلەیی لە لایەنە بەرپرسەکان دەکات و حکومەت بە کەمتەرخەم دادەنێ.

کاتێک سێنتەرێک توانای ئەوەی نەبێ لەنێو بارەگاکەی خۆیدا پارێزگاری لە گیانی ژنێک بکات، هەروەک پێشتریش روویداوە کە لەنێو بارەگای ژن پارێزەکاندا ژنان کوژراون، دەبێ پاساوی بوونی ئەو سێنتەرانەی چی بێ؟

**دوای** ئەوەی هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە شارەوانی هەڵەبجە لەدادگەدا سکاڵای لەسەر رۆژنامەوانێک تۆمارکردووەو راپێچی بەردەم داوەر کراوە، بەوهۆیەشەوە گلەیی و نارەزایی لەنێو ناوەندە رۆشنبیرەکان و رێکخراوەکانی رۆژنامەوانان و داکۆکیکار لە رۆژنامەوانا بەرز بۆوە، رۆژی ١٢ی ئەیلول سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە لە روونکردنەوەیەکیدا بێ ئاگایی خۆی پشانداو رایگەیاند کە ئەو سکاڵای لەسەر رۆژنامەوان ناسیح عەبدولڕەحیم تۆمار نەکردووە، بەڵکو چەند فەرمانبەرێک وەک شەخسی ئەو کارەیان کردووە، لەسەر ئەوەس باگ کراوەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە.

**وێڕای** ئەوەی کە بەردەوام باس لە ئاسایش و ئارامی و باشبوونی رەوشی ئابووری خەڵکی کوردستان دەکرێ، کەچی رۆژانە هەواڵی دزی و شەڕو کوشت و خۆسووتاندن دەبیسترێ، لەم ماوەیەدا بەرپرسێکی بنکەیەکی پۆلیسی شارۆچکەی کەلار ئاشکرای کردووە کە لەم ساڵەدا زیاتر لە ٩٠٠ حاڵەتی دزی و کێشەی کۆمەڵایەتی و رووداوی دیکە تۆمار کراون. تەنانەت سەرچاوەیەک لەدادگەی رانیە ئاشکرای کردووە کە کێشەی کۆمەڵایەتی و حاڵەتی دزی و رووداوی جۆراوجۆر روو لە زیاد بووندایە.

**دوێنێ** شەممە ١٣ی ئەیلول بە ئامادەبوونی وەزیری رۆشنبیری حکومەتی بەغدادو حکومەی هەرێمی کوردستان، نووسینگەی هەولێری ماڵی رۆشنبیری سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری عێراق لەشارۆچکەی عەنکاوەی نزیک هەولێر کرایەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ماڵی رۆشنبیری عێراقی لە کاتێکدا لە شاری هەولێر دەکرێتەوە کە حکومەتی بەغداد هێزەکانی خۆی لەسەر سنووری شاری خانەقین مۆڵداوەو دەیەوێ هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشی سەر بە کوردستان وەدەر بنێ!

**بەگوێرەی** زانیاریەکان ٢٣ مامۆستا لە سنووری پەروەردەی شاری کفری وەک بەڕێوەبەری فێرگە بنەڕەتیەکان دەستنیشان کراون و فەرمانی وەزاریشیان بۆ دەرچووە، بەڵام گلەیی ئەوە دەکرێ کە هەندێک لەوانە مەرجی یاساییان تێدانیەوەو بۆ بەڕێوەبەر شیاو نین.

بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (٥٦٩٠)ی رۆژی ١-١٠-٢٠٠٧ی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان سەبارەت بە بەڕێوەر هاتووە: 'پێویستە بەڕێوەبەر خزمەتی لە مامۆستایەتی لە شەش ساڵ کەمتر نەبێ و دوو ساڵیش یاریدەدەرایەتی کردبێ، بەڵام بەگوێرەی زانیاریەکان پەروەردەی کفری خۆی لەو رێنوێنیە بواردووە.

**هەواڵەکانی** رۆژی ١٣-٩-٢٠٠٨ دادگەیەکی وڵاتی پۆڵۆنیا سزای پێنج ساڵ زیندانی بۆ پیاوێک بڕیەوە کە دەستدرێژی کردۆتە سەر کچەکەی و ٥ منداڵێشی لێ دروست کردووە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو پیاوە بۆ ماوەی نۆ ساڵ ئەو کارە دزێوەی لەگەڵ کچەکەیدا ئەنجام داوە. لە لایەکی دیکەشەوە لە هەفتەی رابردوو پیاوێکی دیکەی پۆڵۆنی بەوە تۆمەتبارکرابوو کە بەزۆر دەستدرێژی کردۆتە سەر کچەکەی و دوو منداڵیشیی لێ دروست کردووە، بەوهۆیەوە دادگە سزای شەش ساڵ زیندانی بۆ بڕیبۆوە.

جێگەی نیگەرانی و داخباریە کە ئێستا لە وڵاتانی ئەوروپادا دیاردەی دەستدرێژی زۆرەکی سێکسی بۆ سەر کچان لەلایەن باوکیانەوە بەر گوێ دەکەوێت، ئەم دیاردەیەکش جیهانی پێشکەوتووی هەژاندووە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com